# ئاشی ئاو

● مولود قادر بێخاڵی ●

بەدووری نازانم کە گەلێك لە لاوو هەرزەکارانی شارەکانی ناوچەی کوردستان ئاشی ئاویان نەدیبیّو . نەش زانن چۆن بووەو . چ ئەرکێکی بەسەرەوە بووەو . چ سوودێکی بە ئادەمیزاد گەیاندووەو . چۆن خاوەن خیزانەکانی شڵەژاندووەو ماندووی کردوون تا گەیشتونەتە مەرامی خۆیان کە باراش هارین بووە ، واتە دەغل و دانیان کردۆتە ئارد . هەروەها دیسان بەدووری نازانم کە زوربەمان باسی ئاشی ئاوو ئەرك و ماندووبوونی باراش هارینمان لە باوك و باپیرانمان وەبەرگوێ نەکەوتبێ . لە هەمان کات دا لەو باوەڕەدام کە لە نێو خوێندەوارو ڕۆشنبیرانمان دا کەسانێ وا هەن هەر لەزووەوە بەشداری ئێش و ئازارو چەرمەسەری باراش لێکردن بووبن و ، بەڵکو لەوەش زیاتر جاری وا بۆ چەند ڕۆژێك بەدیار باراشەکەیانەوە شەوو ڕۆژیان بەیەك گەیاندووە تاوەکو نۆرەیان گەیبوەتێ .

## ● ئاشی ئاوو ئەرکەکانی ●

بە پێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا و . بەر لە پەیدابوونی ئاشی ئاگر لە زوربەی دیهات و ناوچەکانی کوردستان دا . ئاشی ئاو هەبووبێ . ئێستاش گەریەکێ بیەوێ بەووردی لەم هەقیقەتە بکۆڵێتەوە . ئەوە لە زوربەی شارو دێهاتەکان دا بێسێ و دوو پاشماوەی کاولە

ئاشەکان راستی‌یەکی بەڵگە نەویستن ، تەنانەت لە هەندێ شوێن‌دا شوێنەوارەکان زۆر بەئاشکرا خۆیان دەنوێنن ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو جۆرە ئاشانە لە زۆر ناوچەو شارو دیهاتەکان‌دا باویان بووە ، هۆی بوون‌و نەبوونیشی لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی‌ترو ، لەدێیەکەوە بۆ دێیەکی‌دی بەندبووە بە بوون‌و نەبوونی ئاوەوە ، جا ئەگەر لە ناوچەیەك‌دا رووبار یا کارێزێکی ئاو نەبوایە ، ئەوە بۆیان نەدەکرا ئاشی لێ دابنێن ، چونکە ئاشەکە پێویستی بە جۆگە ئاوێکی باش بووە . کە تایبەت بێ بەئاشەکەوە . هەربۆیەشە کە ئێستا کانی‌یەکیان وەبەرچاو دەکەوێ گورج دەڵێن : «ماشەڵلا ئاشگێرێك ئاوی لەبەر دەروات» ، جا بۆ ئەوەی ئاشەکە هەر لەگەڕ بوایە ، ئەوە دەبوو بەردەوام ئاوی بەسەرەوە بێت‌و ماوەی هیچ کەسێ نەدەدرا ئاوەکە بگرێتەوەو ، دەسکاری ئەو جۆگە ئاوە بکات کە بەتایبەت بۆ ئاشەکە هەڵ بەسترابوو . بەزۆریش جۆگە ئاوەکە لە شوێنێکی دوورەوە هەڵ‌ئەگیراو بەرێك‌و پێکی بەرەو ئاشەکە دەهات تا دەگەیشتە سەر قۆتەرەی ئاشەکە . ئیتر زۆر جا رکەم بوونەوەی ئاوەکە دەبووە هۆی ئەوەی ئاشەکە لەکار بوەستێ ، هەر بۆیە دەبوو جۆگاکە زوو زوو بەسەر بکرایەتەوە نەوەك بەلایەك‌دا بشکایەو کەلەبەرێکی تێ‌بکەوتایە . وە ئەگەر ئەم گرفتە نەهاتایە پێشەوە ، ئەوە هەفتەی جارێ جۆگاکە هەر لە سەر قۆتەرەکەیەوە تاوەکو بنەوانی ئاوەکە بەسەردەکرایەوەو جۆماڵ دەکراو هەر پووش‌و پەلاشێکی لە نێو جۆگاکە هەبوایە لادەبراو پاك دەکرایەوەو ، سەرپشت‌و لێواری جۆگاکەیش بە پشتە بێڵ دەپەسترایەوە تا توندو تۆڵ بێت‌و مەترسی ئاو دزینی لێ‌نەکرێ ، ئیتر لە هەر شوێنێ هەست بە تەڕایەتی ئاوبکرایە دەست‌بەجێ چارەسەری دەکرا ، چونکە لەبەر ئاوزۆری‌و تەوژمی‌یەوە مەترسی ئەوەیان لێ‌دەکرد جۆگاکە بشکێت‌و ئاشەکە بوەستێت ، ئەڵبەتە ئەو وەستانەیش چەند زیانی بۆ خاوەن ئاش‌و ئاشەوان دەبوو ، دە هێندەیش ماندووبوونی بۆ دانیشتوانی دێهاتەکانی دەورو بەری ئاشەکە دەبوو ، چونکە دەبوو بەرەو دێیەکی‌تر بکەونە رێ‌و ، رێگایەکی دوورو درێژ ببڕن تاوەکو دەگەیشتنە ئاشێکی دیکەو . تا نۆرەیان وەبەر دەکەوت ماوەیەکی زۆری دەخایاند .

## ● قۆتەرەی ئاو چۆن هەڵ دەبەسترێ ●

دوو جۆر هەڵبەستنی قۆتەرەی ئاشی ئاو هەیە : جۆری یەکەمیان ، لە پێ دەشت دروست دەکرا . پێ‌یان دەگوت ئاشی بەتەنوورە . ئەم جۆرە ئاشە دەبوایە خانووەکەی لە شوێنێکی نزمدا دروست بکرێت‌و بەرزایی‌یەکی چاکیش بۆ قۆتەرەکەی رێك خەن‌و جۆگە بۆ پەری تەمۆ لە قۆتەرەوە لە سەرشکڵی تەنور - تەندور - بە بەردو گەچ هەڵیان دینا . «دروستیان دەکرد» . لە سەری قۆتەرەوە بە بەرینی دەستی پێ‌دەکردو ووردە ووردە تەسك دەکرایەوە تا دەگەیشتە ئاستی پەرەکانی تەموو بۆ ئەوەی بە تەوژم لە پەرەکانی تەموو بدات . ئەمەش ئەگەر ئاوی ناوچەکە کەم بوایە ، ئەم جۆرە گەلێ جار زیانی زۆری بە ئاش دەگەیاند . چونکە کونی تەنوورەکە لە ئاستی پەرەکانی «تەمو» گەلێ جار کیسەڵێکی گەورە یا مەرو ماڵات‌و پەرەوولی مرداری تێ‌دەکەوت ئیتر کونەکەی دەگرت‌و ئاوەکە دەپنگایەوەو بەناو ئاشەکە وەردەبوو . ئاشەکە دەوەستاو زوربەی باراشەکانیش تەردەبوون‌و دەوروبەری بەرداش‌و خوانەیش پڕ لە لیتراو دەبوو . ئەم کارەیش ماوەیەکی زۆری دەویست تاووشك دەکرایەوەو پاك دەکرایەوە .

جۆری دووەمیشیان : لە ناوچە شاخاوی‌یەکان دروست دەکراو پێ‌ی دەگوترا ئاشی بەکۆل . کۆلی ئاشیش بریتی‌بوو لە دارێکی هەشت تا نۆ گەز درێژ بە زۆریش ئەو دارە یا داری «توو»بوو یا داری «بی» ، چونکە ئەم دوو جۆرە دارە ماوەیەکی

زۆر لە نێو ئاودا نەدەرزی ، ئیتر ناوەکەی هەڵ دەکۆڵ دراو لایەکیان هەڵ دەگرت لە سەر شکڵی جۆگا لە قۆتەرەوە سەرەولێژ دەهاتە خوارەوەو لە ئەندازەی پەرەکانی تەمو پلوسکەکی بۆ دروست دەکرا ، ئەویش هەر بۆ ئەوەبوو تا ئاوەکەی کۆل بەتینو تەووژم بیدایە لە پەرەکانی تەموو بی سوراندایەو ئاشەکەی وەگەر بخستایە . خۆ ئەو جۆرەش وەنەبێ زیانی نەبووبێ ، بەڵکو زۆر جار کەلێنێکی تێ دەکەوت و ئاو دەرژایە نێو ئاش و هەمان زیانی جۆری یەکەمی بە ئاش و تەنوورەی ئاش دەگەیاندو باراشەکانی بەرباد دەکرد ، بۆیە دەبوایە بە گورجی ئاو لە سەر ئاشەکە ببرن ، تەختەیەکی تازە لە کەلەنەکە بدەن ، بەڵام ئەم جۆرە ئاشەیش ، واتە – ئاشی بەکۆل – دەمێکە لە تەختەبەند رزگاری بووەو بە چیمەنتۆ هەڵی دێنن . بۆیە دەتوانم بڵێم کارەساتەکەی سەرەوەی وەك جاران نەماوە ، پێشتر باسی جۆگاو قۆتەرەو کۆڵمان کرد ، خۆ دەبێ ئەوەش بزانین ئاو دوای بەکار خستنی تەموو کارەساتی شکانی بە کوێدا دەچێت و ئەو شوێنەیش چی پێ دەگوترێ زەندۆر .

## ● ئاشی ئاو چۆنەو لەچی پێك دێ ●

ئاشی ئاو بە هەردوو جۆری دەبێ خانووەکەی وادروست بکرێ لای بەرداش و ئامێرەکانی ترێ دووقات بێ چونکە کەل و پەل و ئامێرێکی زۆری دەکەوێتە ژێرو ، هەندێکیشیان هەر دەبێ لە نێو ئاوبن ، ئاوەکەش دەبێ لە سەرەوە بەرەو خوار ، واتە لە قوتەرەوە بۆ بیر یا بەرمیل بە هەموو تینو تەووژمێکیەوە بێتە خوارەوە بۆ پلۆسکە ، یابوسکە کە لێیەوە نزیکەو ، ئاو بە هەموو تینو تەووژمەوە بە پەرەکانی تەمو دەکەوێ و «تەمو»ش لە ژێرەوە بە هۆی پەرەکانی و ئاوی قۆتەر دەست بە سوران دەکا بە یارمەتی بستو تەوەر ، بەرداشی سەرەوە دەخاتە گەر بست لولە ئاسنێکی خرێلەی پتەوە بە درێژایی مەترو نیوێ زیاتر یا کەمترە ، سەرێکی لە ژێرەوە لە نێو ئاوەو لە ناوەراستی تەمو بەند دەکرێت و بە هیچ جۆرێ نابێ جوڵە بکات ، سەرەکەی تریشی لە ناوەراستی بەرداشی ژێرەوە کە لە نێو خوانەی ئاشی گیراوە بە خری ی دێتە دەرەوە تا دەگاتە سەر گەرووی بەرداشی سەرەوە ، ئەوسا بە هۆی تەوەر بست لە سەر پشتی بەرداشی سەرەوە بەند دەکرێت ، بەم جۆرە بەرداشی سەرەوە دەکەوێتە سەرووی بەرداشی ژێرەوە ، تەوەریش پارچە ئاسنێکە بە پانایی سێ پەنجەو درێژایی دوو بست و ئەستورایی پەنجەیەك . بەرداشی سەرەوە دەخاتە گەر ئەوجا کە بەرداشی سەرەوە وەگەر کەوت دانەوێڵە لە دۆڵە دانەوە دێتە نێو سورێنك و . لە سورێنکەوەش دەچێتە نێو گەرووی بەرداش بە هۆی بڵندو نزم بوونی چەقەنە . چونکە چەقەنە سەرێکی دەکەوێتە سەر کونی گەرووی بەرداشی سەرەوە لە گەڵ سوران و گەرانی بەرداشەکە دەنك دەنك دانەوێڵە دەخاتە نێو گەرووی بەرداش و دەیهاڕێ و دەبێت بە ئارد .

**تەمو :**

لە پەروانەی پانکەی ئوتومۆبێل دەکات ، وە ئەگەر پەری پێوە نەبێت لە شکڵی بەرمیلی بچووك دەکات ، بەڵام لە هەموو لایەکەوە پەری پێوەیە ، تەمو دەبێ لە داری توو دروست بکرێ چونکە داری توو لە دارەکانی تر زیاتر توانای خۆگرتنی هەیەو . لە نێو ئاودا بە ئاسانی نارزێ ، پەرەکان لەسەر شێوەی کەوچکی پەل دروست دەکرێن ، بەڵام داری ئەو پەرانە بە پێچەوانەی داری تەمویە ، لە داری بێ نەبێ لە دارێکی دی دروست ناکرێ ، جا ئاو بە هەموو تینو تەووژمیەوە لە پلوسکەوە بە پەرەکانی تەمو دەکەوێ و پەر بە دوای پەر تەمو دەسورێنێ . ئیتر هەرکە تەموو وەگەر کەوت بست دەکەوێتە سورو بەرداشی سەرەوە دەخاتە گەرو سوران ، بەرداشی سەرەوە بە زۆری لە

سیٚ پارچە بەردی یەك ئەندازەیی پێك دیٚو بە – تۆقێك «پژدێنێکی» ئاسنی لە یەك گیر دەکرێن تا بە سووكو هاسانی بتوانن هەڵگێرو وەرگێری بکەن لە کاتی بیراز کردندا . چونکە لە کاتی بیراز کردندا تۆقەکەی سەرەوە بە ئەسپایی دەترازێنن‌و پارچە پارچە بەرداشەکە دێننە خوارەوەو بیرازی دەکەن . هەر کە بەرداشی سەرەوە خرایە سەرووی بەرداشی ژێرەوە کە جیٚ نیشەو نابیٚ جوڵە بکات . تەنانەت جار جار نەبیٚ ئەویش بە هۆی دار خوانەوە . کە دارێکە لە سیٚ تا چوار مەتر درێژەو چوار گریٚ ئەستوورە ، لە سەر رووی زەوی لە ژێر بەرداشی بنەوە داندراوە ، لە سەرێکی تریشەوە سەری پیٚ ئاشی خراوەتە ژێر ، ئەو سەرەش دەبیٚ نەختیٚ هەڵ کەنن ، بە قولایی قولانجێك تا بتوانن سەری هەنجاری تێدا بەند کەن بۆ ئەوەی هەرکاتیٚ پێویست بیٚ بتوانن گەرانی ئاشی پیٚ سووك یا گران بکەن . بۆ ئەوەی ئاردەکە ووردبیٚ یان نەختیٚ درشت . یاگەنم بکەن بە بروێش . دارێکی تریش هەیە پیٚی دەڵێن – مرخە – ئەویش یا لە داری تو وەیا لە داری بی دروست دەکریٚ بە درێژایی مەترێك زیاترو ، بە ئەستورایی چوار گریٚ . هەرکاتیٚ ئەو مرخەیە بدەنە بن پیٚی ئاش ئیتر چۆنیان ئارەزووبیٚ باراشەکە زا لیٚ دەکەن . وورد . زبر . درشت . زۆر وورد . هەروەها بۆ بروێشیش بەکاری دەهێنن . ناوی مرخەش لە کوردەواری زۆر باوە تاوەکو گەلیٚجار مرۆڤیٚ گەر نەختیٚ گران بیٚ – واتە تەمبەڵ بیٚ – دەڵێن هێندە گرانە مرخەشی بدەنە ژێر جوڵە ناکات . جاری واش دەبیٚ ئاشەوان رِقی لە باراش هاریٚ هەڵ دەگریٚ ئیتر پیٚ ئاشەکە بە دزی سووك دەکات‌و نیوەی باراشەکە دەرژێنێتە نێو ئاوو لە ژێرەوە بەفیرۆ دەروات .

**ئاشەوان** :

ئەو بۆ چوونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئاشەوان دەبیٚ گەلیٚ وووریابیٚو ئاگاداری جۆگەی ئاش بکات سەرەرای ئەو ئەرکەی کە لە نێو ئاشدا پێویستە ئەنجامی بدات .

ئاشەوانی کڵۆڵ هەردەم تاسەر ئەژنۆ قاچەکانی هەڵ ماڵیوەو ، سەرو سمێڵ‌و ریشیشی وەك بەفریان بەسەردا باریبیٚ وان ، برۆو برژانگی چاوەکانیشی لە گەردی ئارد گیراوون . مرۆڤ ئەگەر ئاشەوانی نەدیبیٚو بە تاریکی رووبکاتە ئاش‌و لە پرێکدا چاوی بە ئاشەوان بکەویٚ سەرسام دەبیٚو ئەژنۆکانی دەکەونە لەرزین لە ترسی دیمەنی ئەندام‌و ئاکاری سەرو چاوی ئاشەوان ، چونکە لە مردەزمە نەبیٚ لە چیتر ناکا . خۆ ئەوەی مووە لە باڵۆڵەی باسکی‌و دەم‌و چاوو سەری‌یەو بارستیٚ ئاردی لیٚ نیشتووە . تەنها کونی چاوەکانی نەبیٚ کە بزەبز دەکەن وەك ئەوەی روونا کایی لە کەلەنە دیوارێکەوە دەربکەوێت وایە . لێویشی هەروەك هێڵێکی ئاڵی باریك نیشان دەدات . جگە شرو پرەکانیشی لە تۆزو گەردی ئارد رزگاریان نابێت . کونی هەمو سەرە تەقەڵێکی سەر بەرگی یاکورتەکی یا هەر سەرە بەرگێکی تربێت وەك چاوی مێرو خۆی نیشان دەدات لەبەر بارستایی تۆزی ئاردو ئارەقەی ماندووبوون .

ئاشەوان شەوو رۆژ وەستانی نی‌یە . گەلیٚ جاری وادەبیٚ ژن‌و منداڵەکانیشی تووشی هەمان تەنگ‌و چەڵەمەی ئاش دەبن ، خۆ لە لیدانیش بیٚبەش نابن ، ئەو هەموو ماندوو بوونەی ئاشەوان هەر بە نان‌و سك ئەنجام دەدریٚو پارووی چەوریش بۆ خاوەن ئاشەکەیە ، کە لە دوورو نیزیك نازانیٚ ئەرکی ئاش چی‌یە .

**چوونە ئاش** :

چوونە ئاش سالأنی زووکارێکی بەردەوامی خاوەن ماڵ بوو بۆ باراش هارین ، ئەڵبەتە ئەوەشمان لەبیرە کە ئاش بە نۆرەبوو . تەنها بۆ ئافرەت‌و نەخۆش نەبیٚ کە ماوەیان دەدرا نۆرە برییان بۆ بکرێت ، لە گەڵ ئەوەش دا چوونە ئاش بۆ باراش هارین گەلیٚ هاسان نەبوو ، بەڵکو دەبوایە ئەو کەسەی دەچێتە ئاش ماوەیەکی باشی هەورازو نشێوی ببریایەو . قورو چڵپاوێکی زۆری بشێلایە تا دەگەیشتە ئاش . لەتەك ئەمانەیشدا زۆر جار لەرێگا تووشی گەلیٚ ئاڵۆزی دەبوو ، وەك بار لیٚ کەوتن‌و وولاخ کەوتن ، لەم دوو حاڵەتەدا باراش هار ئەرکێکی زۆری دەکێشا

ـ بارەکەی ڕاست دەکردەوە . یا وولاخەکەی هەڵ دەستاندەوە . گەلێ جاری وایش دەبوو هیچی بۆ نەدەکراو . کەتێکی زۆر چاوەڕوانی ڕێبوارێکی دەکرد بەڵکو یارمەتی بدات . جاری وایش دەبوو هێندە چاوەڕوانی دەکرد تا هیوا بڕدەبووو ترسی ئەوەشی لێ دەهات تاریکی ی بەسەردا بێت‌و بێتە شەو . بۆیە ناچار دەبوو بارو وولاخەکە جێ بهێڵێ‌و ڕوو بکاتە نزیکترین دێ . یا ئاوەدانی تاوەکو چەند زەلامێك لەگەڵ خۆیدا بێنێ‌و یارمەتی بدەن . ئەو جێ هێشتنەی وولاخەکەیش گەلێ جار ڕێگەی لە بەردەم گورگ‌و درندەکانی دیکە خۆش دەکرد کە هێرە بە گۆشتی وولاخەکە بکەن . خۆ ئەگەر وولاخەکەشی جێ نەهێشتبا دوور نەبوو باران باراشەکەی چەند ڕۆژی دیکە لە هارین دوابخات . تاوەکو گەنمەکەی ووشك دەبووەوە . کەسانی واش هەبوون هەر بە پشت - بەکۆڵ - چەند ڕبە دەغلێکیان بە هەمبانەو توورەگە دەبردە ئاش .

**● ئاش‌و ڕابواردنی شەوانی :**

لەبەر ئەوەی ڕێ نەدەدرا نۆرە بڕی بکرایە . بۆیە دەبوایە باراشەکان یەك لە دوای یەکتری‌دا دابنرایە . ئەو نەریتە وای لە لەباراش هێری کلۆڵ دەکرد لە شەوێ زیاتر لە ئاش بمێنێتەوە . بۆیە ناچار دەبوو خواردن بۆ خۆی ئامادە بکات . خواردنەکەیش بە زۆری نان‌و قەسپ . وەیا نان‌و دۆشاوو کاکلە گوێزێك دەهات . ئیتر ئەمەیان بە پێ‌ی بارو گوزەرانی خاوەن باراشەکە دەبوو . هەندێکیش چەند نووردووە نانێکی لە گەڵ خۆیدا دەبرد . ئەوەی نانیشی نەبردایە ئەوە هەر لە ئاشەکەدا چەند نانێکی دروست دەکردو بەو نانەیش دەگوترا «خەروە» . کە بریتی بوو لە جۆرە ئەستورکێکی تایبەتی‌و زۆر خۆش . جا ئەوانەی لە ئاش دەمانەوە گەر ئارەزووی نانی گەرمیان بکردایە هەتا بڵێ‌ی یەك‌و دوو ئاگرێکی باشیان دەکردەوەو بەردێکی تایبەت بۆ خەروە لە هەموو ئاشێکدا هەبوو نەختێك پان‌و درێژبوو . دەیان خستە سەر ئاگرەکە تاسوور هەڵدەگەڕا . لەولاشەوە لە نێو جامێکدا یا کۆتکێکی دار چەند گۆلە ئاردێکیان دەکردە هەویرو دەیان شێلاو بە شلی ڕوویان دەکردە سەر بەردە خەروەکە کە لە سەر ئاگر سوور دەبووەوە . دوای ماوەیەکی کەم وەریان دەگێرایە دیوەکەی تری . لە گەڵ هەڵ گێرانەوەکەدا ئەو ڕووەی لەسەر بەردەکە برژابوو وەکو کولۆکی نیسان‌و دەنووکی کەوی لێ دەهات‌و سوور هەڵ دەگەڕا . ئیتر مرۆڤ هەر حەزی دەکرد بیخوا . باراش هێرەکانیش کە لە دەوروبەری ئاگرەکەو ئەستورکە خەروەکەدا کۆ دەبوونەوە بە بێ پێ‌خۆرو گەرماوگەرم هێرەیان بە خواردنی دەکرد . گەلێ جاریش لەگەڵ ئەو پێخۆرانەدا دەیان خوارد کە لە پێشەوە باسمان کردن . چونکە ئەوسا هێشتا «چا» هێندە باوی نەبووو . نەش گەیشتبووە هەموو لایەکی وولات . بەلام لە گەڵ بلاوبوونەوەی شەکرو چا لە هەر ئاشێك‌دا تاقم‌و تەدارەکی چا هەبوو ئەویش بەم جۆرەبوو . کتلیەکی قوڵپ داری لوولە درێژی دووکەلاوی ڕەش . ئەمە وەنەبێ کە ناوەوەیشی لە دەرەوەی خاوێن تر بووبێ . بەلام لە گەڵ ئەوەش‌دا چایان هەر تێدا لێ‌دەناو زۆریش بە تام‌و بۆ بووو لە گەڵ نانی خەروە دەیان خواردەوە . شەوانیش لە دەوروبەری کتلیە بۆرە کۆ دەبوونەوەو دیشلەمە دوای دیشلەمەیان هەڵ دەقوراندو دەستیان بە گۆرانی‌و مەتەڵ گێرانەوەو حیکایەت دەکرد . پەیتا پەیتاش باراشەکانیان دەماڵیەوە بەو ئامێرەی کە پێ‌یان دەگوت بێرۆك‌و . بەم جۆرە شەوانی دووروو درێژیان بەسەر دەبردو کارەکەی خۆیشیان بە بێن فراوانی‌یەوە مەیسەر دەکردو بە دڵێکی پڕ لە هیواشەوە بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە .

**● بێرۆك :**

لە سەر شێوەی خاکەناز دروست دەکرا بەلام بە پەلی‌و دەسکیشی پێوە نەدەبوو . ئەم ئامێرە ئاردی لە نێو بەرۆك‌و پێ کۆدەکرایەوەو بە یارمەتی گەسکەوە دەخرایە نێو جەواڵ یا ئەو هەمبانەیەی کە باراش هێر لە گەڵ خۆی‌دا دەیبردە ئاش . ئیتر دوای پاککردنەوەی بەرۆك . دووبارە باراشی تازەیان دەخستە سەر کۆل - دۆرەدان -و دوای پێوانی باراشەکە بە کەپوولە بۆ

ئەوەی هەق ئاشی لیٚ بگێرنەوە ، هەقەکەش یانزەیەك بوو ، واتە هەر دە کەپوولە بخرایاتە سەر کوّل – دورەدان – یانزە هەم بوّ خاوەن ئاش‌بوو ، ئەڵبەتە مەسەلە نوّرە بریش بوّ ئافرەت لە هەموو ناوچەیەكدا کارێکی زوّر ئاسایی بووو ، بەردەوامیش ریّز لە ئافرەت دەگیراو یارمەتی دەدرا .

● **ئەو ئامێرو کەل‌و پەلانەی لە ئاشی ئاودا بەکار دەهێنران :**

● کول : ئەو شوێنەیە کە دانەوێڵەی تیٚ دەکرا بوّ‌هارین‌و لە ناوەراستی بەشی خوارەوەی کونێکی تیٚ دەکراو بە سەرێکی بوسکە دەبەسترایەوە .

● بوسکە : لە قامیشی کلوّر دروست دەکراو سەرێکی لە ناوەراستی کوّل گیر دەکرا تاوەکو دانەوێڵەی پیٚدا بچێتە خوارەوە بوّ نێو سورێنك .

● سورێنك :

سەری بوسکە دەکەوێتە نێو سورێنك ، چونکە سورێنك وەك کوّل وایە ، بەلاّم ئەمیان لە سەرەوە والاّیەو ، لە تەنیشتەوە چەقێنەی پێوە قایم کراوە ، سەرێکی دەکەوێتە سەر بەرداش‌و لە گەڵ سورانی‌دا بلّندو نەوی دەبێت‌و ، دانەوێڵە لە سورێنکە دەخاتە نێو گەرووی بەرداشی سەرەوە .

● چەقێنە : بە عەیار دانەوێڵە – بە مانای دەنك دەنك ، وەك رێچکەی مێروولە لە سورێنکەوە دەبات بوّ گەرووی بەرداشی سەرەوە ، لەوێشەوە دانەوێڵەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرداش‌و دەبێت بە ئارد .

● توّق : پارچە ئاسنێکی تەنکە لە نێو قەدی بەرداشی سەرەوە دەبەسترێت ، چونکە ئەو تاکە بەرداشە دەبیٚ سیٚ پارچەی رێکو پێك بێت تاکو بە هاسانی هەڵگیرو وەرگێری پیٚ بکرێت .

● تەوەر : پارچە ئاسنێکی دوو بست درێژەو ئەستوراییەکەی بە قەد پشتی پەنجەیەك دەبی‌و لە سەر بەردی سەرەوە جێگەی بوّ خوّش دەکریٚ ، ناوەراستەکەی کونە تا بست بەند بکات ، ئیتر ئەوسا بست بە هوّی تەوەر بەرداشی سەرەوە دەسوریٚنیٚ ، چونکە بەرداشی ژێرەوە لە نێو خوانەو ، لەسەر زەوی چەسپێندراوەو نابیٚ جولە بکات .

● بست :

ئاسنێکی لولەیی خرە ، لە تەمو قایم دەکری‌و سەرێکی لە نێو بەردی گەورەیەو ، لە بن ئاشی بە نێو بەرداشی ژێرەوەدا دەکشێت بوّ نێو بەرداشی سەرەوە لە سەر گەرووی بەرداشی سەرەوە بە تەوەر قایم دەکریٚ تا بەرداشی سەرەوە لە گەران نەبێت .

● بەروّکی ئاش :

لە شێوەی ئاخوری وولاّخ دەکات ، ئارددوای هارین لەنیوبەروك کوّدە کرێتەوە .

● پشتوك :–

ئەو ئاردەی دەکەوێتە نێو پشبروّك ، گەلیٚ توّزی لیٚ دەنیشیٚ ، بوّیە هەرتەنها بوّ مەروو مالاّت بەکاری دێنن چونکە کەلکی نانی نی‌یە ، ئەویش هەر بوّ ئاشەوانە .

● بێروّك :

«واتە بێڵێکی بچووك» ، ئەمەیش لە دار دروست دەکراو لە سەر شێوەی خاکە نازێکی بچووك وایەو دەسکی پێوە نی‌یەو ، ئاردی ناو «بەروّك»ی پیٚ تیٚدەکەنە نێو جەواڵ‌و هەمبانەو کەرەستەی دیکە کە بوّ باراشیان دەبردە ئاش .

● کە پوولە یا قەپوولە :

عەیاری ئاشە ، دانەوێڵەی باراشی پیٚ دەپێورا «١١» یازدە کەپوولە بوّ باراش هێربوو ، کە پوولەیەکی بوّ ئاشەوان ، بەو کەپوولەی ئاشەوان دەگوترێت مزەی ئاش ، ئەو مزەیەش وانەبیٚ هەر یانزەیەك‌بیٚ ، بەڵکو بە گوێرەی گرانی‌و هەرزانی‌ی دەغلو دان مزە وەردەگیرا .

● بیراز :

یا بیراستن ، یا دەمە زەردکردنەوە : لەبەر ئەوەی رووی بەرداشی سەرەو لەسەر رووی بەرداشی ژێرەوە دەسوریٚ بوّ


کەپولە
بێرۆك
کۆل
بۆسکە
تەوەر
سورێنك
بەرداشی سەرەوە
چەقێنە
تۆق
بەرداشی خوارەوە
هنجار
قۆتەرە
پێی ئاش
تەمۆ
بەردەگەورە
خوانە

هارێنی دانەوێڵە تا بیکاتە ئارد . ئیتر ئەو لێك سوورانە – خشانە – دەبووە هۆی ئەوەی کە ڕووی هەردوو بەرداشەکە ، واتە هی سەرەوەو هی ژێرەوە لووس‌و ساف بن لە جیاتی ووردکردنی دانەوێڵەو کردنی بە ئارد ، دەی جوی‌و فڕێی دەدایە دەرەوەو بە کەڵکی نان نەدەهات . بۆیە زوو زوو دەبوایە هەردوو بەرداشەکە بیراز بکرانایەتەوە . ئەو ماوەیەش لە نێوان ١٥ ڕۆژو مانگێك‌دا دەبوو . گەلێ جاریش زۆری‌و کەمی کارکردنی ئاشەکە سنووری بۆ ماوەکە دادەنا . بۆ ئەم کارەیش ئاش وەستای تایبەتی هەبوون‌و . ئەوان لەم بوارەدا شارەزاو پسپۆربوون‌و کەرەستەی تایبەتی‌یان هەبوو لەم کارەدا بەکاریان دەهێناو بە چاکی دەیان پاراستن .

بۆ بیرازکردنەوەیش دەبوایە یەکەم هەنگاو ئاوەکەی ئاش ببڕن‌و بەلایەکدا بیشکێنن . دوای ئەوە بەرداشی سەرەوە بەرز دەکرایەوەو دەخرایە سەر لایەك‌و پشتی بەرداشە بەرزکراوەکە دەدرایە دیواری دورەدان‌کۆل ، ئەوسا ئاش وەستاکە لە سەر ڕووی بەرداشی ژێرەوە چۆکی دەدایەوەو بە ووردی بە «سومبە»و چەکوش دەکەوتە گیانی بەردەئاشەکە تا بە تەواوەتی هەرچی ساف‌و لووسی بەردە ئاشەکە هەبوو گرێ گرێ‌و گرنج گرنج دەبووەوە – واتە تیژ دەبووەوە – ئینجا بە هەمان شێواز بەردەکەی سەرەوەیشی بیراز دەکردەوەو پاشان دەخرایەوە شوێنی خۆی‌و ، ئاشەکە بەگەڕ دەخرایەوەو . ئیتر ئاردێکی وورد بێ عەیب لە مابەینی هەردوو بەردەکەدا دەهاتە خوارەوە ، جگە لەم کارەیش ، هەر ئەو ئاش وەستایانە هەر گرفتێکی لە ئاشدا بهاتایەتە پێشەوە ، ئەوان جێ‌بەجێ‌یان دەکردو ڕێکیان دەخستەوە .

پێشتر گوتمان ئاش بە نۆرەبوو ، ئەو نۆرەیەش گەلێ جار بۆتە هۆی کارەسات‌و شەڕی ناخۆش لە ئاش‌و لە نێو باراش هێرەکان‌دا ، جاری وایش‌بووە لە نێوان ئاشەوان‌و ژنەکەیی‌و . باراش هێرەکان کێشەو دەمەقاڵێ دروست‌بووە ، نۆرەش ئەوەبوو هەرکەسێك نۆرەی بگەیشتایە گورج باراشەکەی خۆی دەخستەسەر کۆڵی ئاش‌و ئیتر بە خۆی دەهاتە خوارەوەو لە نزیکی بەرداشەکە بێرۆکە – بێڵەکە –ی بەدەستەوە دەگرت‌و ناوە ناوە بە بێرۆکەکە ئاردەکەی لەبەر لێواری بەردەئاشەکە کۆدەکردەوەو دەیدایەدواوە بۆ ئەوەی ڕێگای لە بەردەم ئاردی تر بکردایەتەوەو جێگەی بۆ خۆش دەکرد ، جا بۆ ئەوەی بی‌زانیایە ئاردەکە وورده یا درشتە –زبرە– گۆڵێکی لە ئاردەکە دەداو هەڵی دەگرت‌و بە توندی مستی دەداو هەڵی دەگرت‌و بە توندیٔ مستی خۆی دەنووقاندو . ئیتر گەر ئاردەکە وورد بوایە دەچووە پاڵ یەك‌و وەکو کلۆی لێ پاڵ یەك‌و وەکو کلۆی لێ دەهات ، ئەگەر وایش نەبوایە ئەو دیاربوو ئاردەکە درشت‌و زبر بوو ، خاوەن باراشەکە بە پەلە دەچوو ملی ئاشەوانی دەگرت تا وابکات ئاردەکەی وورد بێت ، ئەو کاتە ئاشەوانەکە دەچوو مرخەیەکی لە هەنجار دەداو پیێ ئاشەکەی گرانتر دەکرد بۆ ئەوەی تەمو چاکتر بسوڕێ‌و خولی بەرداشەکەیش زیاتر بێ تاوەکو ئاردەکە ووردتر بێت . دووبارە دەگەڕایەوە لای بەرداشەکەو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئاردەکە زۆر دەبووو . بەری بەرداشەکەی دەگرت جەواڵ بوایە یا هەر کەل‌و پەلێکی تری پێ‌بوایە دەیهێنایە پێشەوەو ئاردەکەی تێ دەکرد .

ئەوانەی هات‌و چۆی ئاشیان دەکرد دەگێڕنەوەو دەڵێن : لەو کاتەی مرۆڤ لە نێوان بەروك چاوەڕوانی ئارد ماڵینەوەی دەکرد خەوێکی زۆری بە سەردا دەهات‌و جاری واهەبوو بە ناچاری سەرخەوێکی دەشکاند . .

## ● ئاشەوان‌و دیاریی ●

گومان لەوەدا نی‌یە کە ئاشیش وەکو هەر دەزگایەکی تری بازرگانی‌و خزمەتگوزاری کەوتۆتە بەرڕکێفی گەرمی‌و ساردی ژیان‌و گوزەران‌و بوون‌و نەبوون‌و باری دابی‌و گەشە کردووو پڕ لە نەهامەتی خەڵکی ناوچە جیا جیاکانی وولات‌و . هات‌و نەهاتی کشت‌و کاڵ‌و دەغڵ‌و دان‌و دانەوێڵە . ئیتر لەو ساڵانەی کشت‌و کاڵ هات بوایە ئەوە خەڵکی ناوچەکەیش باری گوزەرانیان خۆش دەبووو ، فەرامۆشیان وەبەردا دەهاتەوەو .

شتێکی زۆر ئاسایش بوو کە مەسەلەی بوژانەوەی باری دارایی خەڵکە کاری بکردایەتە سەر دەورو بەرو کارو کەرەستەکانی بەرهەمو خزمەتگوزاری ، ئەڵبەتە ئاشیش یەکێك بوو لەو کەرەستە خزمەت گوزارییانەی وەبەر ئەو کارتێکردنە دەکەوت ، جا ئەوساڵەی وەرز چاك بوایەو هات بوایە ئاش بە هەرمێن دەکەوتو ئاشەوان کاری زۆر چاك دەبوو تەنانەت ڕۆژگاری وادەبوو بەلا لووتیش وەلامی ئەو کەسانەی نەدەدایەوە کە باراشیان دەبردە ئاش . جاری وایش دەبووە جۆرەها کلکە کوتەی دەکرد هەر بۆ ئەوەی باراش هێر رووی تێبکاو باراشەکە بەرێتە ئاشەکەی ئەوو ، بەرەو ئاشێکی تر نەچێ ، جا ئەو مەسەلەیە وا دەکەوتەوە کە ئاش بە هەرمێن بوایە خاوەن باراش ناچار دەبوو کۆمەڵێك دەستو دیاری لەگەڵ خۆیدا بەریێ بۆ ئاشەوانو هەتا ژنو منداڵەکانیشی ، چونکە ترسی ئەوەی لێ دەهات کە باراشەکەی دوا بکەوێو بۆ چەند ڕۆژێك لە ماڵەوە دوور بکەوێتەوەو سەرماو سۆڵەی زستانیش لەوێ بوەستێ . ئیتر گەلێ جار دیاریی پیاوان — واتەخاوەن باراشەکان بۆ ئاشەوان بریتی دەبوو لە خواردن بەلام دیاریی ژنە باراش هێرەکان بۆ ژنی ئاشەوان بریتی دەبوو لە کلو کلدانو مێخەكو ملوانکەو دەسماڵو ئاوێنەی بچووکی نێو باخەڵو کەرەستەی لەم بابەتە ، جا ئەوانەی ئەم جۆرە دیارییەیان ببردایە بۆ ئاشەوانو ژنەکەی ، ئەوە هەم جێگایان خۆش دەبووو خواردنی چاکیان دەدرایەو ، هەم نۆرە بریشیان بۆ دەکراو وەپیش کەسانی دیکە دەکەوتنو ، ئاشەوانو ژنەکەیشی مامڵەتی چاکیان لەگەڵدا دەکردن ، ئەڵبەتە ئەو کەسانەیش خۆیان بە بەختەوەر دەزانی .

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ لە خاوەن باراشەکان مەترسی ئەوەیان هەبوو ئاشەوان دزییان لێبکات ، ئیتر وەکو گوتمان دەستو دیارییان بۆ دەبردو میچکە میچکیان لە بەردەم ئاشەوانەکە دەکرد بۆ ئەوەی دزییان لێنەکات . بەلام شتێ هەبوو ئاشەوان گەر دز بوایە یا دز نەبوایە ناوی هەر بە دز دەرچووبوو ، هەر بۆیەش دەڵێن :

«یەکێ ساڵێ ئاشەوانی بکات ، دەبێ حەوت ساڵ مجیووری مزگەوت بێ تاوەکو خوا لە گوناحەکانی خۆش بێ» .

بەلام گەر ئاش بە هەرمێن نەبوایە . واتە ئاشەوان بازاری نەبوایە ، ئەوە بە پێچەوانەی پێشوو کەشای بە سەپانی خۆی نەدەزانی ، ئەمجارەیان لاتو مەلوولو کز دەهاتە بەرچاوو ، تەنانەت جاری وا دەبوو دوور بە دوور بەرەو پیری باراش هێرەکاندا دەچووو کلکە کوتەی لە بەردەمدا دەکردنو . بە گەرمو گوری پێشوازیی دەکردن تەنانەت ئەو ڕۆژانەی ئاشیش بە تاڵ دەبووو ، ئاشەوان بێکار دەمایەوەو باراشی لێ دەبرا . دەچووە سەربانی ئاشو بە دەنگێکی بەرزەوە بانگی دەکردو دەیگوت : «ئاش بەتاڵ . . ئاش بەتاڵ . خەڵکینە زووکەن وەرن . . میوانی من بەسەر سەرن» .

بەم بانگەوازە خەڵکی دێکەی وورپا دەکردەوە ، جا ئەگەر یەکێك باراشی هەبوایە ئەوە ئەو بێ دەسەلاتییەی ئاشەوانی بە هەل دەزانیو خێرا باراشەکەی دەبردو دەیهاری . .

## ● هێرش بردنە سەر ئاش :

لە کاتی خۆیدا زۆر بە هاسانی هێرش دەبردرایە سەر ئاش . ئەویش لە لایەن ڕێگرو پیاو خراپانی ئەو زەمان . بۆ تالان کردنی باراش هێرو ئەو دەستکەوتەی لە ئاشەکەدا دەبوو لە مزەی ئاشو کەرەستەی دیکە ، ئیتر ئەوەی وەبەر دەستیان بکەوتایە ئەوە زۆر بێ شەرمانە کۆیانو دەکردەوەو دەیان برد ، لەبەر ئەوە باراش هێرەکان کە دەچوونە ئاش ئەوەی چەکی هەبوایە لەگەڵ خۆیدا دەی بردو کە شەو دەمانەوە خۆیانو ئاشو باراشەکانیان پێ پاس دەکردو . ڕێگەیان لە بەردەم پیاوخراپان تەسك دەکردەوەو ، بواری ئەوەیان نەدەدان بە هاسانی پەلاماری ئاشەکە بدەنو تالانی بکەن .

بەڵێ خوێنەری ئازیز ئەمەبوو کورتەیەکی چونیەتی دروستکردنو کەرەستەو کەلوپەلەکانی ئاشی ئاویان لێ پێك دەهات ، لە گەڵ هەندێ ڕەفتاری هامووشۆ کەرانی ئاشو

بردنی دەستو دیاری بۆ ئاشەوانو ژنەکەیو هەندێ نەریتی کۆن دەربارەی ئەو ئامێرە لە باو کەوتەی کە سالانی زوو چەند خزمەتێکی گەورەی بە ئادەمیزاد گەیاندووەو کوسپو گرفتی ژیانی بۆ هاسان کردووە . بەلام پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بوژانەوەی باری ئابووریو بەرەوپیش چوونی باری کۆمەلایەتیو ، پەرەسەندنی زانستو زانیاری ئەمانە هەمووی بەسەریەکەوە بواری بەکار خستنی ئاشی ئاویان تەسك کردەوەو بەرە بەرە ئەو نرخە گەورەیەی جارانی نەماو تەنانەت خەریکە هەر لە بیریش دەچێتەوەو لەلای نەوەکانی ئەم سەردەمەدا بە شتێکی خەیالیو کەم بەها لە قەلەم دەدرێ . هەر لەم روانگەیەدا دەلێم خۆزگە ئەم دامو دەزگا رەسمیو خاوەن دەسەلاتو پەیوەندی دارانەی بە پاراستنی کەلەپوورو کەرەستەی کۆنینە . هەولێ نەفەوتانی ئەو کەلەپوورە بە نرخەیان دەداو تەنانەت هەندێ نموونەی ئەو ئاشو کەرەستانەی لە ئاشدا بەکار دەهاتن لە مۆزەخانەکانی وولاتدا دەپارێزرانو ، بایەخی خۆیان دەدرایو لەبیر نەدەچوونەوەو لەبەر چاودا گوم نەدەبوون . هیواداریشم خوێنەرانو شارەزایان لێم ببوورن گەر هەندێ شتم لەبیر چووبێتەوەو ئامارەم بۆی نەکردبێ ، بە هەر حالێ داوا لەوانیش دەکەم کە ووردتر بیر بکەنەوەو گەر شتێکی تازەو ناونەبراویان وەبیردا هات بیخەنە سەر خەرمانەی ئەم باسەو ، ئەلبەتە هەموولایەکیش مەبەستمان خزمەت کردنو پاراستنی کەلەپووری نەتەوەکەمانە ، بۆ ئەوەی هەر بە زیندوویی بمێنێتەوەو نەفەوتێ .

### ● سەرچاوەکان ●

● کۆمەلە زانیارییەکی تایبەتی خۆم دەربارەی ئاشو ئامێرو ئامرازەکانیو ، رۆژانی زووی ژیانی کوردەواری .

● گفتو گۆو پرسیار کردنو لێکۆلینەوەیەکی زۆر لەگەلێ هەندێ لە ئاش وەستا کۆنەکان کە لەو بوارەدا کاریان کردووەو . شارەزاو پسپوری زەمانی خۆیان بوون .

● کتێبی کوردەواری – دانانی مامۆستای نەمر علاءالدین سەجادی . لاپەرە ١٩٥ ٢٠٤ .

● گەلێ سەربردەو بەسەرهاتی دیکە کە لە نێو ئاشدا روویان داوەو بۆیان گێراومەتەوە ، بەلام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی بە پێویستم زانی بۆ دەرفەتێکی تریان هەلێ گرم .

# پێنج پارچە هۆنراوەی فۆلکلۆری «ناوچـــــەی»

مرۆڤ چ پیاو چ ئافرەت هەر لە دێر زەمانەوە بیری لەوە کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت رێبازێك بدۆزێتەوەو تێروانی بکات تاکو بە هۆیەوە سۆزو هەستو نەستی دەروونی خۆی دەربرێت بەرامبەر بە شارو گوندو ئەرزو شاخو خاکو ئاوو کێلگەو مالو مالاتەکەی ، یان خۆشەویستیو وەفایی خۆی بەرامبەر بە دلدارە شیرینەکەی پیشانبدات ، دلسۆزیو بەندەیی خۆی لە رووی خوای مەزنو پێغەمبەرانو ئەولیاو فریشتەو پەرستگا پیرۆزەکان دەربخات ، یان بتوانێت بە هۆیەك پەژارەو خەمی خۆی لە ناخی دەرونیا دامالێو فرمێسکی قەتیسی سوورو ئالی چاوەکانی پێ وشك بکاتەوەو زیاتر بتوانێت خۆی بەرامبەر بە کۆسپو روداوی دلێ تەزێنی ئەم گەردونە راگرێ .

بێگومان بۆ ئەم هەموو مەبەستانەیش شیعریان هەلبژاردووەو کردوبانە بە هاودەمو هاوژیانیان لە کاتی خۆشیو ناخۆشیدا . دەبینین لە ئاهەنگی شاییو هەلپەرکێدا گۆرانی بێژانی دەنگ خۆش لە چوارچێوەی گۆرانیدا ئەو شیعرە فۆلکلۆریە ناسکانە دەلێنەوەو خۆشترین ئاهەنگو زەماوەندو هەلپەرکێی پێ ساز دەکەن ، ئافرەتان لە کاتی مەشکە ژەنینو بێشکە راژەنیندا یان لە